# قەتەر پێویستی بە گەمارۆ نییە، بەڵکو دەبێت بخرێتە ژێر چاودێرییەوە




کاترین پاوەر*

(هاوڕێیەکی دێرینی پرۆگرامی «ستاین»ـە، پێشتر لە وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لێپرسراو بووە)





ماتیۆ لیڤیت*

(بەڕێوەبەری پرۆگرامی «ستاین»ـە بۆ هەواڵگری و نەهێشتنی تیرۆر لە پەیمانگای واشنتۆن، پێشتر لە وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لێپرسراو بووە)


FOCUS

بەستەرە توندوتۆڵەکانی نێوان دەوحە و ژمارەیەک لە گروپە پەڕگیرەکان، یەکێکە لە فاکتەرەکانی هەڵگیرسانی ناکۆکییە دیبلۆماسییەکانی نێوان قەتەر و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی. ئەم گروپانە کۆمەڵێکی بەرفراوان لە ڕێکخراو لەخۆدەگرێت، هەر لە بزووتنەوەی تاڵیبان و ئێرانەوە، تا دەگات بە کۆمەڵەی (ئیخوان موسلیمین). بەڵام ئەو پەیوەندییەی بە ڕادەیەکی زۆر نیگەرانیی دروستکردووە ئەوەیە کە قەتەر دەبەستێتەوە بە ڕێکخراوی (ئەلقاعیدە)وە، ئێستاش ئەو کاتەیە کە دەبێت سنوورێک بۆ ئەوە دابنرێت.

ڕێکخراوی (قاعیدە لە سوریا) کە هەڵگری شەرعیەتێکە لای ڕژێمی قەتەر، لەبەرئەوەی دژ بە ڕژێمی بەشار ئەسەد و ڕێکخراوی (داعش) دەجەنگێت لە یەک کاتدا. لە ڕاستیدا ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی ئیخوان پشتیوانیی لەم سیاسەتە دەکەن، لەبەرئەوەی پێیان وایە ڕێکخراوی قاعیدە لە سوریا بەرەیەکی «پەرگیری میانڕەوە» لەم ململانێ فرەلایەنەدا. زۆر جاریش لەبەر ئەم ڕۆشناییەدا لە (ڕێکخراوی قاعیدە لە سوریا) دەڕوانرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی خەڵکی هاوسازن لەگەڵ ئایدۆلۆژیادا، پێشیان وایە گەلێک میانڕەوترن لە ئەڵتەرناتیڤەکانی دیکە، یاخود تەنها لەبەرئەوەی لە ئامادەباشییدان بۆ خستنەلاوەی پرسە ئایدۆلۆژییەکان و پاڵپشتیکردنی ئەو بەرەیەی توانستێکی ڕاستەقینەی کۆتاییهێنان بە ڕژێمە خوێناوییەکەی ئەسەد فەراهەمدەکات، پێیان وانییە بەشدارییەکانیان بچێتە خانەی دەستگیرۆیی و پارەدارکردنی ئاشکرای قاعیدەوە.

لەبەرئەوەی ئەم تێڕوانینە لە جێگەی خۆیدا نییە، بەرپەرچدانەوەی بە بەهێزیی لەمڕۆدا گەلێک پێویستە. هێزی ئێستای ڕێکخراوی قاعیدە لە سوریا کۆمەڵە هەلێکی نوێی لەبەردەمدا کردۆتەوە، هەم لەڕووی ئۆپراسیۆنەکان هەم لەڕووی داراییەوە، هەتاوەکو ئێستاش وەک هەڕەشەیەک بۆسەر خۆرئاوا ماوەتەوە. ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی ئاسایشیی نێودەوڵەتی کە لە ناوەڕاستی ساڵی 2016دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەدات کە ڕێکخراوی قاعیدە لە سوریا «هەتاوەکو ئێستا یەکێکە لە لقە هەرە چالاکەکانی ڕێکخراوی قاعیدە لە جیهاندا». زۆرێک لە گەورە ئەندامە تیرۆریستەکانی ئەم کۆمەڵە تیرۆریستییە لە سوریا لە باشووری ئاسیاوە هاتوون. لەبەرئەوە داخستن وشککردنی سەرچاوەی ئەو داهات و پێداویستییانەی لەئێستادا ئەم ڕێکخراوە سوودیان لێوەردەگرێت، کارێکی گەلێک گرنگە. هەربۆیە لایەنە سپۆنسەرەکان و کۆکەرەوەکانی داهاتە خێرخوازییەکانی ناو کەنداوی عەرەبی بۆ ڕێکخراوی قاعیدەی سەرەکیی و لقەکانی سەر بەو ڕێکخراوە لە عێراق و دواتریش لە سوریادا. بەڵام زۆرینەی ئەم لقانە کاردەکەن لەسەر هەمەچەشنکردنی شێوازەکانی کۆکردنەوەی هاوکارییە خێرخوازییەکان، کە لەلایەن تاکە خێرخوازەکان و بەکارهێنانی پارە خێرخوازییەکان بۆ داپۆشینی مامەڵەکانیان، بەڵام ڕێکخراوی قاعیدە لە سوریا تاکە ئاوارتە بوو لەم دیاردەیەدا. بەپێی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی قاعیدە لە سوریا

**بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی «فایناشناڵ تایمز» قەتەر سەدان ملیۆن دۆلاری داوە بە گروپە تیرۆریستییەکان، لەنێویاندا ئەوانەش کە پەیوەستن بە ڕێکخراوی قاعیدەوە، تەنها لەپێناو ئازادکردنی ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتیی قەتەریی کە لە عێراق ڕفێندرابوون**

لەدوای هاتنی ساڵی 2017وە دەستیکردووە بە بەدەستهێنانی داهاتەکانی لە بەخشینە خێرخوازییەکانی دەرەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی، شانبەشانی سەرچاوەکانی دەستگیرۆییە تاوانکارییەکانی وەک فڕاندن و داواکردنی پارە لە بەرامبەردا، لەگەڵ دەستکەوتی جەنگ.

بەپێی خەمڵاندنەکان بودجەی ڕێکخراوەکە لە ساڵێکدا دەگاتە نزیکەی (10) ملیۆن دۆلار، ئەوەی جێگەی سەرنجیشە کە چەندین ملیۆنیشی ساڵانە لە وڵاتانی کەنداوەوە پێدەگات، ئەوەش بە ئاسانکاریی لایەنە ساختەکان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت. بۆ نموونە (حەجاج عەجمی)ی کوەیتی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سزای بەسەردا سەپێندراوە لە ساڵی 2014وە، ماڵپەڕی تویتەری بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داهاتی خێرخوازی بۆ ڕێکخراوی «قاعیدە لە سوریا». هەروەک چۆن عەجمی و کەسانی دیکەش، وەک هاووڵاتییەکی قەتەری بە ناوی (سەعد بن سەعد ئەلکەعبی) بانگەوازێکی بڵاوکردەوە بۆ کۆکردنەوەی پارە لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی

فەیسبووک و وەتس ئاپەوە، بە ئامانجی چەکدارکردن و دابینکردنی خۆراک و چارەسەرکردنی چەکدارە شەڕکەرەکان لە سوریا. ئەمەش پشتبەستنێکی روون و ئاشکرا بوو بە سەرچاوە دەرەکییەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ڕێکخراوی قاعیدە لە سوریا.

بە دیاریکراویی لەبەر ئەم هۆکارە لە کۆتاییەکانی مارسی 2014دا بریکاری وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا (کۆهین) هەستا بە پۆلێنکردنی قەتەر بە «دەسەڵاتێکی نەرم و ئاسانکار» بۆ دەستگیرۆیی تیرۆر. کۆهین جەختی لەوە کردەوە کە کێشەکە تەنها پەیوەست نییە بە پاڵپشتیکردنی بزووتنەوەی حەماسەوە، بەڵکو پشتیوانیی قەتەر بۆ گروپە توندڕەوەکانی دیکەش دەگرێتەوە کە لە سوریا چالاکن. کۆهین باسی لەوەش کرد کە «کەمترین شت کە بگوترێت ئەوەیە کە ئەم شتە هەڕەشەیە بۆسەر قوڵکردنەوەی دۆخەکە بە ڕێگەیەکی زۆر مەترسیدار و هەژمار بۆنەکراو».

لەڕاستیدا هەر ئەمەش روویـدا، بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی «فایناشناڵ تایمز» قەتەر سەدان ملیۆن دۆلاری داوە بە گروپە تیرۆریستییەکان، لەنێویاندا ئەوانەش کە پەیوەستن بە ڕێکخراوی قاعیدەوە، تەنها لەپێناو ئازادکردنی ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتیی قەتەریی کە لە عێراق ڕفێندرابوون. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، تەنانەت ئەگەر دەرکەوت کە زیادەڕۆییەکی زۆریش کراوە لە بڕی پارەکەدا، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەو پارەیەی لە بەرامبەر ئازادکردنی گیراوەکان وەردەگیرێت، هیچ نییە جگە لە بڕێک پارە کە لە گەنجینەی قەتەرەوە دەدرێت بە ڕێکخراوی قاعیدە.

هاوکات قەتەر چەند ڕێوشوێنێکی سنووردار و بچووکی گرتۆتەبەر دژ بە سپۆنسەرەکانی تیرۆر، وەک بلۆککردنی دەستمایەکان و قەدەغەکردنی گەشتکردن و داخستنی حسابی بانکیی و ڕاگرتنی کەمپینی (پاڵپشتیی لە خەڵکی شام بکەن)، بە مەبەستی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ڕێکخراوی قاعیدە لە سوریا، هەروەها چەندین ڕێوشوێنی دادوەریشی گرتۆتەبەر. بەڵام لە هەموو ئەم بارانەدا، قەتەر تەنها بەپێی فشارەکانی ئەمەریکا جوڵاوەتەوە، بەڵام ڕادەی سەرکەوتنی ناسەقامگیرییەکی پێوەدیار بووە.

لە هەمان کاتدا زۆرجار ڕێوشوێنەکانی قەتەر ئەنجامی تێکەڵ و پێکەڵ و نارروونی لێکەوتۆتەوە. بۆ نموونە وێڕای ئەوەی راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی 2014 سەبارەت بە تیرۆر، ڕۆڵی قەتەری بەرزنرخاندووە لە داخستنی «پشتیوانییەکانی خەڵکی شام»، کە پێگەیەکی ئەلکترۆنیی بوو بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک، کە لەلایەن سەعد کەعبییەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەڕێوەدەبرا، دواتـر لە راپۆرتی پۆلێنکردنی سزاکاندا کە لەلایەن وەزارەتـی گەنجینەی ئەمریکییەوە دەردەچێت، ئاماژەی بەوەداوە کە سەعد ئەلکەعبی هێشتا چالاکانە بەشدارە لە دەستگیرۆیکردنی ڕێکخراوی قاعیدە لە سوریا، لانی کەم دوای ساڵێک لەوە، واتە لە ساڵی 2015دا. لە حاڵەتێکی دیکەدا کە وەزارەتـی گەنجینەی ئەمەریکی باسی لێوەکردووە و (عەبدوڵەلیک عەبدولسەلام) دەگرێتەوە، کە ناسراوە بە (عومەر قەتەریی)، کە هاووڵاتییەکی ئەردەنی بوو و لە قەتەر دادەنیشێت، پاڵپشتییەکی گەورەی ڕێکخراوی قاعیدەی کردووە لە سوریا. لە ساڵانی 2011 و 2012 لە تورکیا و سوریا و لوبنان و قەتەر و ئێران لەگەڵ هاوبەشەکانی بە مەبەستی کۆکردنەوەی پارە و چەک و گواستنەوە و ئاسانکاریی بۆ گەشتکردنی چەکدارەکان. بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی 2014. دەسەڵاتدارانی قەتەر هەستاون بە ڕاگواستنی سپۆنسەرێکی تیرۆر کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەردەنیی بووە و لە قەتەر دانیشتووە، هەر لە هەمان ساڵیشدا لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەیەکی خێرخوازیی قەتەریی کاری کردووە، هەربۆیە دەشێت ئەو کەسە عەبدوڵەلیک عەبدولسەلام بێت، بەڵام هەتاوەکو ئێستا نەتوانراوە ئەوە پشتڕاستبکرێتەوە.

جێگەی ئاماژەپێدانە کە هەڵوێستی قەتەر لە پرسی دادگاییکردنی سپۆنسەرەکانی تیرۆر لەناو دادگا قەتەرییەکاندا، گومانێکی زۆر هەڵدەگرن. بەپێی راپۆرتێکی قەتەری دەربارەی تیرۆر کە لەلایەن وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریکاوە دەرچـووە لە ساڵی 2015 بۆ نموونە، باس لەوە دەکات کە «دەوحە هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆ دادگاییکردنی گەورە سپۆنسەرەکانی تیرۆر»، لەو دەمەی تاکەکان و کیانەکان لە قەتەر بەردەوامن لەسەر پارەدارکردنی ڕێکخراوی قاعیدە، لەڕاستیشدا پێنج لە لێپرسراوانی دەستگیرۆیکردنی تیرۆریزم دادگاییکران، کە ئەوانیش بریتی بوون لە (ئیبراهیم ئەلبەکر، سەعد ئەلکەعبی، عەبدوللەتیف کەواری، عەبدولڕەحمان نعێمی، خەلیفە سوباعی)، ئەوەبوو دوان لەوان (ئەلکەعبی و نعێمی) لە ساڵی 2016 بێتاوان دەرچوون، لەو دەمەی سیانەکەی دیکە تاوانبار کران،

سوباعی لە ساڵی 2008، ئەلبەکر و کەواری لە ساڵی 2016. بەڵام ئەلبەکر کە لە نەبوونی خۆیدا دادگایی کرا، هەتاوەکو ئێستاش بە ئازادیی لە دەرەوەی قەتەر دەسوڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەوە یەکەم جاری نەبوو کە لەسەر تۆمەتێک تاوانبار بکرێت، پێشتر و نزیکەی 15 ساڵ پێش ئێستا لە قەتەر دەستگیرکراو و دواتر پاش ئەوەی بەڵێنیدا بە دوورکەوتنەوە لە هەموو چالاکییەکی تیرۆریستیی لەناو قەتەردا ئازادکرا»، ئەمەش بەپێی ئەوە پۆلێنکارییەی لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکییدا هاتووە بۆ ساڵی 2014. بەڵام سوباعی بەبێ ئامادەبوونی خۆی لە سەرەتای ساڵی 2008 لە دادگایەکی بەحرەینیدا دادگایی کرا، هەر دوای دوو مانگ لە دادگاییکردنی لە وڵاتی قەتەر دەستگیرکرا، ئەوەبوو ماوەی شەش مانگ لە زینداندا مایەوە. دەگوترێت کەواری لەژێر سایەی مانەوەی ناچارییدا ماوەی سزاکەی لە قەتەر بەسەردەبات، لەو دەمەی دەگوترێت کەعبی و نعێمی و سوباعی بەشێوەیەکی چڕوپڕ خراونەتە ژێر چاودێرییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پرسی چۆنیەتیی ئەم چاودێرییەش دەکرێت بخرێتە ژێر پرسیار و گفتوگۆوە. لە کەیسەکەی سوباعیدا، لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەو سزایانەی بەسەر ڕێکخراوی قاعیدەدا سەپێندراوە، ڕایگەیاند کە سوباعی دوای ئازادکردنی لە زیندان درێژەیداوە بە کردەوە و چالاکیەکانی بۆ دەستگیرۆیی تیرۆر، لەو دەمەی بانگەشەی ئەوە دەکرا لەو کاتەدا لەژێر چاودێرییدایە.

هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کاتێک بەرپرسێکی پلەباڵا لە وەزارەتـی گەنجینەی ئەمریکا بە نـاوی (دانیال گلیزەر) لە مانگی شوباتی ساڵی 2017دا گومانی لەوە هەیە سەرچاوەکانی پارەدارکردنی تیرۆر کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەم سیفەتەیان بەسەردا بڕاوە، دەستیان بەسترابێت و چالاکییان نەمابێت، بەڵکو لەو باوەڕەدایە کە هەتاوەکو ئێستاش بە شێوەیەکی «ئاشکرا و بێ پەردە» بەردەوامن لە کارەکانیان لە هەریەکە لە وڵاتانی کوەیت و قەتەر. گلیزەر ئەوەشی ڕاگەیاند کە هەتاوەکو ئێستا قەتەر «هیچ بڕیارێکی جەوهەریی» نەگرتۆتەبەر بۆ نەهێشتنی پارەدارکردنی تیرۆر، بڕیارێک لە لەتوانایدا بێت وڵاتی قەتەر بکاتە پێگەیەک بۆ دژایەتیی سپۆنسەرەکانی تیرۆر، ئەوەشی دووپاتکردەوە کە هەنگاوە پۆزەتیڤەکانی قەتەر لەم بارەیەدا «بە شێوەیەکی ئازاربەخش خاو و لەسەرخۆن».

لە ناوەڕاستی مانگی شەشی ئەمساڵیشدا هەریەکە لە وڵاتانی (سعودیە، ئیمارات، میسر، بەحرەین) هەستان بە پۆلێنکردنی 59 کەس (لەنێویاندا پێنج کەس هەیە کە لەلایەن قەتەرەوە دادگاییش کراون) و 122 دامـەزراوە لەناو لیستی ڕێکخراوە سپۆنسەرەکانی تیرۆردا، تۆمەتبارکردن بەوەی هاوکاری لە قەتەرەوە وەردەگرن. ئاماژە بەوەش دەکرێت کە ئەم کیانانە پێشتر لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەناو لیستی ئەو کۆمەڵە و گروپانەدا پۆلێنکراون لە هاوکاریی ڕێکخراوی «قاعیدە» دەکەن، بەڵام هاوکات لیستەکە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی دیکەش لەخۆدەگرێت کە پەیوەندییان بە کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین و توندڕەوە سەلەفییەکانی میسر و لیبیا و دەوڵەتانی دیکەوە هەیە. بەشێک لەوانەی خراونەتە ناو لیستی تیرۆرەوە لە قەتەر نیشتەجێ نین، بەپێی گوتەی بەرپرسێکی قەتەریی بێت، لانی کەم شەش کەس لەوانەی خراونەتە ناو لیستەکەوە لەژیاندا نەماون.

لەکاتێکدا ئەو لیستە هۆشدارییەکی دیکەیە بۆ قەتەر کە دەست لەو کارانەی هەڵبگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەلێکیشی پێدەدات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی لە وڵاتانی (ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو)، لەپێناو ئەمەشدا هەلێکی پێدەدرێت بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆی: بواری ئەوەی بۆ دەکاتەوە دەستبەجێ بکەوێتە خۆی لانی کەم دژ بەو دەستە و تاقم و کەسانەی خراونەتە ناو لیستی تیرۆرەوە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەو شێوەیەش دەبێت هەر بەڕاستی لەلایەن دەوحەوە بەئامانج گیرابن. لەبەرامبەردا قەتەریش دەتوانێت بە شێوەیەکی تایبەتیی فۆکەس بخاتە سەر ژمارەیەکی زۆر لەوانەی دەستگیرۆیی دارایی ڕێکخراوی قاعیدە دەکەن و ناویان لەم لیستەدا هەیە، پێویستە قەتەر ڕێوشوێنەکانی خۆی لەم بارەیەوە بگرێتەبەر لانی کەم لەسەر بنەمای دووبـارە پابەندبوونەوەی بە نەهێشتنی پشتیوانیی تیرۆر کە مانگێک پێشتر لە لوتکەی «ڕیاز»دا بەڵێنی دابوو. گومانیش لەوەدا نییە کە پێویستبوو لەسەر قەتەر ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا و بە لێبڕاوییەکی زۆرترەوە کاریبکردایە بۆ کۆتاییهێنان بە پاڵپشتییەکانی بە گروپە تیرۆریستییەکان، بەتایبەت لقی سوریای ڕێکخراوی قاعیدە. بەڵام چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دوای تێپەڕینی کاتی خۆی، زۆر لەوە باشترە کە هەرگیز چارەسەری نەکات.

**سەرچاوە:**

پەیمانگای واشنتۆن